# بەکارهێنانی تیشکی ژێر سوور لە گەیاندنی زانیاریدا



ئەمیر عومەر موسا

تیشکی ژێر سوور تیشکێکی کارۆموگناتیسییە کەدرێژی شەپۆلەکەی درێژترە لەدرێژی شەپۆلی رووناکی بینراو، وەهەروەها درێژی شەپۆلەکەی کەمترە لەدرێژی شەپۆلی رادیۆیی پێی دەگوترێت ژێر سوور لەبەرئەوەی رەنگی سوور درێژی شەپۆلەکەی لە هەموو رەنگەکانی تر درێژترە واتە تیشکی ژێر سوور پاش رەنگی سووری بینراو دێت. تیشکی ژێر سوور درێژی شەپۆلەکەی لە نێوان(٧٥٠ نانۆمیتر - ١ملم)ە.

تیشکی ژێر سوور بەیەکێک لە تیشکە سرووشتییەکان دادەنرێت وەهەروەها خۆر بەیەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم تیشکە دادەنرێت کەبەشێوەیەکی بەردەوام دەگات بەزەوی، وەهەروەها ئەم تیشکە دەتوانرێت بەشێوەیەکی پیشەسازی بەرهەمبهێنرێت لەئامێری تایبەت، کەزیاتر دەتوانین ئاراستەی بکەین و بەکاریبهێنین لەو بوارانەی کەپێویستمان پێیەتی لەژیانی رۆژانەماندا. تیشکی ژێرسوور تیشکێکی نەبینراوە کە ٥١٪ی تیشکی خۆر پێکدێنێت.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند بوارێکی بەکارهێنانەکانی، تیشکی ژێر سوور بۆچاودێری و گەیاندن و بەیەکەوە بەستنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وە لە گەیاندنی بێ تەل، وەلەوەرگرتن و گەیاندنی وێنەی زەوی کەبەمانگی دەستکردی تایبەتی وێنە دەگیرێت بەکاردێت هەروەها لە بوارەکانی ئاراستە کردن و پیشاندانی رێرەوەکان، و لە بوارەکانی فەلەکناسیدا بەکاردێت هەروەها لە بواری سەربازیش بەکاردێت.

تیشکی ژێر سوور بەیەکێک لەهۆکارە نوێیەکان و کاراکانی گەیاندن دادەنرێت بەتایبەتی لەرۆژگاری ئەمرۆماندا کەوا لەزۆربەی ئامێرە بچووکەکان بەکاردێت بۆ نموونە کۆمپیوتەر، مۆبایل، تەلەفیزیۆن ، وەزۆر ئامێری تر...

تیشکی ژێر سوور لەئامێری مۆبایلدا بۆگواستنەوەی داتا لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر بەکاردێت بە هۆی شەپۆلی هەڵگرتنی کارۆ موگناتیسی هەرچەند مارکەکانی ئامێرەکان جیاواز بن. بۆ گەیاندنی زانیاری لە نێوان کۆمپیوتەرەکان تۆری تیشکی ژێر سوور بەکاردەهێنرێت کەلەخاڵی گەیاندنەوە تیشکەکان دەنێردرێن و بەر ناوچەی هەستیاری ئامێرەکان دەکەون و دەگەرێنەوە بۆخاڵی گەیاندن ئینجا بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە بەهۆی (هاب) دەچێت دوای یەکلایی کردنەوەی داتاو خوازەکان (الاوامر) هەروەها لەرێگەی تیشکی ژێر سوور دەتوانین کۆمپیوتەرەکان لەشێوەی تۆر (شبکە) ببەستین بەیەکەوە. لە ئامێری تەلەفیزیۆن وەرگرێکی تیشکی ژێر سوور هەیە کە تیشکەکان لەکۆنترۆڵەکەوە




وەردەگرێت کە ئەویش بەهۆی چەند نێرەرێکەوە زانیاری خوازراو دەگەیەنێت.

زانا (دی لامانچا DeLamanche) کە زانایەکی بەناوبانگی ئەمریکییە چەندان تاقیکردنەوەی لەسەر تیشکی ژێر سوور ئەنجامداوە کەوا بوونە هۆی پەنجەرەیەکی نوێ لەبەردەم تیشکی ژێر سوور. شایانی باسە کەتیشکی ژێر سوور هیچ زیانێکی لەسەر تەندروستی مرۆڤ نییە .

سەرچاوەکان :
١- www.wikipedia.org
٢- Encarta Encyclopedia